# هەواڵەکانی کوردستان

## لە پیرانشار تەقینەوەی مین ٢ کەسی کوشت

رۆژی سێ شەممە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٧، لە ئەنجامی تەقینەوەی مین لە کۆنە پایەگایێکی رژیم لە نزیك دێی گردەسووری پیرانشار ٢ کەس کوژران و ٤ کەسیش بریندار بوون. ناوی کوژراوەکان، ئیسماعیل فاتیح و محەمەد کوردە خەڵکی پیرانشار، هەروەها سەلیم محەمەد ئەمین رەسووڵی، محەمەد کەندی، سەلیم قادری و مەلا ساڵح فەتاحی بریندار بوون.

***

## بازاری ( شابەدین ) لەلایەن هێزە بەکرێگیراوانی رژیمی ئاخوندی سوتێندرا

سەعات ٨ی بەیانی رۆژی هەینی ٢٢ی خاکەلێوە، هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی بە ناوی یەگانی تایبەت (ویژە) هێرشیان کردۆتە سەر بازاری شابەدین لە سەر سنووری کوردستانی ئێران ـ عێراق و تەقەیان لە خەڵك کردوە، دوایی بازارەکەوە دوکان و چادری کاسبکارانیان سووتاندوە.
ئەو جینایەتەی رژیمی ئاخوندی بۆتە هۆی نارەزایەتی خەڵکی ناوچەکە و کاسبکاران و لە ئەنجامی ئەو کردەوە درندانەی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیم ژمارەیێکی بەرچاو لە خەڵك لە کار و کاسبی بوون.

***

## دەرکردنی ٨٠ کرێکاری شارداری سەقز لەسەر کارەکانیان

بە پێی ڕاسپاردەی شۆرای شار، بەرپرسانی شارداری شاری سەقز ٨٠ کەس لە کرێکارانی شارداریان لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ لەسەر کار دەرکردوە. دەستەیێك لەو کرێکارانە کەلەسەر کار دەرکراون لەبەشەکانی خاوێنکردنەوەو گواستنەوەدا خەریك بوون زیاتر لە ١٠ ساڵ پێشینەی کاریان لە شارداری هەیە و بە بیانووی بردنە سەرەوەی تواناو چاکسازی لە شارداریدا لەسەر کار دەرکراون.

***

## لە شاری سەردەشت مینێك تەقیەوە

بەپێی هەواڵ لە شارەدێی مێراوێی شاری (سەردەشت) مینێك تەقیەوە بووە هۆی گیان دانی کەسێك و بریندار بوونی منداڵکەی. گوڵێ حسەینی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نزیك دێی میراوای سەر بە شاری سەردەشت مینێکی پێدا تەقیەوە خۆی مرد و منداڵەکەشی بەسەختی بریندار بوو جێگای باسە ئەو مینانە لە لایەن سوپای پازدارانی ڕژیمی ئێرانەوە چێندراون .

***

## لە شاری سنە خوێندکارێك دادگایی کرا

بە پێی هەواڵ لە چەند رۆژی ڕابردوودا یاسر گوڵی، خوێندکار کە لە زینداندایە و خەڵکی شاری سنەیە، بۆ جارێکی دیکە دادگایی کراوە.
یاسر گوڵی کە لە لایەن دادگای رژیمەوە بە کاری تێکدەرانە تاوانبار کراوە و لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە، بە کەلەبچەکراوی رەوانەی دادگای رژیم لەو شارە کراوە و تا ئێستا حوکم نەدراوە.
یاسر گولی رۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە گیرا و ئێستا لە زیندانی شاری سنەدایە.

***

## حوکمی زیندان بۆ ٧ هاولاتی بانەیی

دادگای رژیم لە شاری سنە، حوکمی زیندانی بۆ ٧ کەسی بانەیی بریوەتەوە. "سەدیق ئەمین نژاد، سامان رەسولیان، عەبدولا رەنجبەری، کاوە حەسەنی، محەمەد بەهرامی، رەستگار مسگەری و محەمەد ئەمینی قادری" کە لە نارەزایەتیەکان لە کوژرانی ٣ کەس لە کاسبکارانی ناوچەکە لە لایەن هێزەکانی ئینتزامی رژیمەوە لە نارەزایەتیەکانی ١٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ی شاری بانە بەشداریان کرد بوو، و بە دانانی زەمانەت ئازاد کرا بوون. ئەو کەسانە بە چالاکی لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی، تێکدانی ئاسایشی گشتی و بەشداری لە کۆبونەوەی ناقانوونی تۆمەتبار کراون و هەر کامیان بە ساڵێك زیندانی تەعزیری و ٣ ساڵ زیندانی تەعلیقی مەحکوم کراون.

***

## هێرشە تۆپخانەییەکانی هێزە سەربازیەکانی رژیم بۆ سەر ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراق بەردەوامە

بەیانی رۆژی دووشەممە ٥ی خاکەلێوە، سوپای پاسدارانی رژیم بۆ پێنجەمین رۆژی بەردەوام، چەند بەشێك لە ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراقی تۆپباران کرد.
دێ کان لە ناوچەی "ژاراوە"ی سەر بە شاری "قەلادزێ" لە لایەن هێزەکانی رژیمی ئاخوندی هێرشیان کراوەتە سەر و دانیشتوانی ٦ دێ ناچار بوون شوێنی ژیان و دێ کانیان بە جێ بهێڵن.
جێگای ئاماژەیە کە هێرشە تۆپخانەییەکانی ٥ رۆژی رابردوی رژیمی ئاخوندی بۆ سەر ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە، بەڵام خەلکی ئەو ناوچەیە زەرەر و زیانێکی زۆریان پێ گەیشتوە.
بە دوای هێرشەکانی هێزەکانی رژیمی ئێران، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە شێوەی رەسمی سەبارەت بە هێرشە تۆپخانەییانە نارەزایەتی دەربری و خوازیاری راگرتنی ئەو هێرشانە بووە.

***

## روبەروو بوونەوەی کاسبکارانی سەردەشت لەگەڵ هێزەکانی رژیم

دوای ئەوەی لە رۆژی ٩ی خاکەلێوە هێزەکانی رژیم دەست بە سەر کەل و پەلی کاسبکاران دا دەگرن، خەڵکی وەزاڵە هاتووی دێی بێتووش و ناوچەی ئالانی سەردەشت بۆ وەرگرتنەوەی بارەکانیان هێرش دەکەنە سەر پایەگاکانی بێتوش، سوورە کێڵی و ئەشکان. لە بەرانبەردا هێزەکانی رژیم تەقە لە خەڵك دەکەن و وەڵامی داواکانیان نادەنەوە. جێگەی باسە شەوی دواتر خەڵکی وەزاڵە هاتوو هێرشیان کردە سەر شوینی کەمینی هێزەکانی رژیم و لەگەڵ ئەو هێزانە تێك هەڵچون و فەرماندەکەیان چەك کردوە.

***

## زیاد بوونی هێزە سەربازیەکانی رژیم لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان

بە پێی هەواڵەکان، هێزە سەربازیەکانی رژیمی ئاخوندی لە چەند رۆژی ڕابردوودا، لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان زیاد کردوە و هەروا درێژە بە تۆپ بارانی ناوچە سنووریەکان دەدات.
زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە لە چەند رۆژی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار لە هیزەکانی سپای پاسدارانی رژیم لە شاری پیرانشار و ناوچەکانی نزیك لە هەرێمی کوردستان، جێگیر بوون و چەند پایەگایێکیش لە ناوچەی (بەرد و ناز)یان جێگیر کردوە.
هاوکاتیش تۆپخانەی سپای پاسدارانی رژیم، ناوچەکانی (کۆدۆ) و (کەلکاش) یان لە ناوچەی حاجی هومەران تۆپباران کردوە و زەرەر و زیانی گیانی بە دواوە نەبووە.

***

## دەست بەسەر کردنی ٣ کەس لە سەردەشت

بە پێی هەواڵی موکوریان نیوز، سێ هاووەڵاتی کورد بە ناوەکانی چیا عەبدوالڵەخانی، کەماڵ خاکنژاد و دلشاد خزردەشتی لەلایەن هێزە ئەمنیەتی یەکانی رژیمی ئاخوندیەوە لە شاری سەردەشت گیراون. ئەو کەسانە خەڵکی شارەکانی سەقز و مەهابادن، نزیك بە مانگێك لەمەوپێش لە شاری سەردەشت بە تاوانی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێك لە حیزبەکانی ئوپۆزیسیۆن، دەست بە سەرکراون. شایانی باسە ئەم سێ کەسە ئێستا لە زیندانی مەهاباد دان.

****

## بەشداریی کومیتەی کانادای سازانی خەبات لە بیستەمین ساڵرۆژی شیمیایی بارانی هەڵبجە لە شاری ڤانکۆڤەری کانادا

ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ١٦ی مارس بە ئامادە بوونی نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، یادی کیمیابارانی شاری هەڵبجە کرایەوە.
رێ و رەسمەکە بە سرودی نەتەوەیی کورد دەستی پێ کرد، دوای خوێندنەوەی سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب، نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، پەیامیان خوێندەوە.
هەروەها دوو فیلم لە سەر کارەساتی هەڵبجە نیشان درا.
شایانی باسە، خوشکە نیهایەت شەرێعەت پەنا، پەیامی کۆمیتەی سازمانی خەبات ی لە وەڵاتی کانادای خوێندەوە.

## بەکرێگیراوانی رژیم جارێکی دیکە ماموستا گە نجی یان گرت

بە پێی هەواڵەکان، مامۆستا ئەیوب گەنجی، پێش نوێژی مزگەوتی قوبای شاری سنە، جارێکی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئاخوندیەوە گیرا.
مامۆستا ئەیوب گەنجی، یەکێك لەو مامۆستا تێکۆشەرانەیە کە لە بەرانبەر سیاسەتە سەرکوتگەریەکانی رژیمی ئاخوندی بێ دەنگ نەبوە و بەردەوام رەخنەی لە سیاسەتی رژیمی ئاخوندی بەرانبەر گەلی کورد گرتوە.
لەگەڵ مامۆستا گەنجی، مامۆستا حەسەن زارعی مامۆستا و پێش نوێژی مزگەوتی (النبی) گیراوە.
گرتنی هەر دوو مامۆستا بووە هۆی نارەزایەتی خەڵکی سنە بە تێکڕا و گەرەکی بهار بەتایبەت بوو هەر بە نارەزایەتی لەو کردەوەی رژیم خەڵك نوێژی هەینی یان لە مزگەوتی قوبای نەکرد و لە بەردەم مزگەوت، شیعاریان لە دژی رژیم دا.
بە پێی هەواڵەکان کە بە سازمانی خەبات گەیشتوە، وەزعی شاری سنە بە گشتی و گەرەك و شارۆچکەی بەهارانی سنە ئاڵۆزە و خەڵك خۆیان ئامادە کردوە بۆ نارەزایەتی لە بەرانبەر ئەو کردەوە نارەوا و قێزەونەی کار بە دەستانی رژیمی ئاخوندی.

## نیگەرانی ئەمریکا لە ئەگەری بە ئەندام بوونی رژیمی ئێران لەسازمانی شانگهای

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە سازمانی هاوکاری شانگهای بۆ هاوپەیمانیێکی نیزامی بە دوور دەزانێ، هەروەها بە ئەندام بوونی رژیمی ئێران لەو سازمانە نیگەرانی دەربری.
سازمانی هاوکاری شانگهای کە روسیە و چین رەوڵی سەرەکییان تێدا هەیە، پێکهاتوو لەو دوو وەڵاتە و ئوزبەکستان، قرقیزستان، قزاقستان و تاجیکستان. ریچارد باوچێر، جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیێك لە کونگرەی ئەمریکا بە ئاماژە بە داوای رژیمی ئێران بۆ بە ئەندام بوون لە سازمانی هاوکاری شانگهای گووتی: لەوە دڵنیا نیم کە ئەو سازمانە لەو بارەوە وەڵامی چی دەبێت.

## جان مەك کین دەڵێ: رژیمی ئێران گەورەترین پشتیوانی تڕۆریزمە لە جیهاندا

جان مەك کین، پالێوراوی سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەڵێ: رژیمی ئێران گەورەترین پشتیوانی تڕۆریسمە لە جیهان. سەبارەت کشانەوەی پێش وەختی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ووریایی دا، بەهۆی دەستێوەردانەکانی رژیمی ئێران. ناوبراو لە قسەگەلێك دا کەلە ئەنجومەنی پێوەندیەکانی دەرەوەی لس ئانجلس، سیاسەتەکانی دەرەوەی خۆی روون دەکردەوە، پێ داگری لەسەر مەترسیداربوونی کشانەوەی پێش وەختی هێزی ئەمریکا لە عێراق کرد و گوتی: من لەو باوەڕەدام کە کشانەوەی پێش وەخت بریارێکی عاقڵانە نیە و نیشانەی شکستێکی گەورەیە بۆ وەڵاتەکەمان. رژیمی ئێران ئەوشێوە کشانەوە بە سەرکەوتن بۆ خۆی دەزانێ.
جان مەك کین بە ئیشارە بۆ ڕژیمی ئێران زیادی کرد: ئەو رژیمە گەورەترین پشتیوانی تڕۆریسمە لە جیهاندا، رژێمێك لە هەوڵی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دایە و بەڕاشکاوی ڕادەگەیێنێ خوازیاری لەناوبردنی ئیسرائیلە. بەوپێیە پێگەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەباتە سەر و تا ساڵهای ساڵ هەڕەشەمان لێ دەکا.

## نارەزایەتی چاودێری مافی مرۆڤ لە سەر گیرانی زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئیسفەهان

رۆژی هەینی ٨ی خاکەلێوە، رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە ڕاگەیێندراوێك دا نارەزایەتی لە گیرانی ٣٠ کەس لە میوانییێکی تایبەتی لە شاری ئیسفەهان دەربڕی.
چاودێری مافی مرۆڤ رایگەیاندوە کە (گیرانی ٣٠ کەسی پیاو کە بەشداریان کردوە لە مێوانییێکی تایبەتی لە ئیسفەهان، دەرخەری ئەوەیە کە بەرپرسان بەو هەنگاوانە دەیانهەوێ یاسای توندوتیژی ئەخلاقی بەرێوە بەرن و دەرخەری پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانە لە وەڵاتێك کە پۆلیس ئازادی تاکەکان زیادە لە حەد بەرتەسك دەکاتەوە.
ئەو رێکخراوە داوای لە بەرپرسانی رژیم کردوە کە ئەو کەسانە لە سەرەتای مانگی رەشەممەی ساڵی ڕابردوودا گیراون، ئازاد بکرێن.
تاوانی گیراوانی پێوەندی جنسی، خواردنی مەشروباتی ئەلکولی راگەیێندراوە.
جو ئەستورك، جێگری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئافریقای چاودێری مافی مرۆڤ، لەو پێوەندەدا دەڵێ: کاتێ پۆلیس بۆ بەرێوەبردنی شێوەی ئەخلاقیات بە کار بهێندرێ، هەمیشە دەرگاکان دەشکێنن، ئەوە بەومانایە کە ماف پێشێل دەکرێ و سنووری کەسایەتی خەڵك دەشکێندرێ.
ناوبراو زیادی کردوە: رژیمی ئێران بە کونترۆڵ کردنی لیباس، رەفتار و ژیانی تایبەتی خەڵك، پێشێل گەری مافە سەرەتاییەکانن.

## درێژەی ١٠ ی خاکەلێوە، یادی لە سێدارەدانی قازی محەممەد:

نەتەوەی کورد و پاریزگاری کردن لە نەتەوە و دینەکەی دەکات. قازی محەممەد بە ناسینی باری دەروونی و ئاکاری تاکی کورد و شرۆڤەی دروستی روداوەکان گەیشتە ئەو ئاکامە کە تەنیا بە یەکێتی و تەبایی، سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون گەرەنتی دەبێ و تا یەکێتی و یەکگرتوویی دوابکەوێ، گەیشتن بە ئامانجەکانیشمان دوا دەکەوێت. ئەو کۆمەڵە ئاموژگارییە لە دوایین چرکە ساتەکانی ژیانی پیاوێکی گەورە درکاون و حەق وایە ئێمەی کورد هەر کام لەو ئاموژگارییانە بکەینە کار و بەرنامەی خۆمان و کردەوەی پێ بکەین. باشتر وایە لەو رۆژە مێژووییە دا تەنیا باس لە کەسایەتی و شێوەی ئیعدام و رادەی زاڵمی حکوومەتی ئەو کاتی ئێران نەکەین ، بەڵکو لەسەر ئەو ئامانجەی کە قازی و هاورێیانی گیانیان لەپێناوی دا کردە خەڵات، هەڵوەستین و ئەو ئەزموونە بکەینە چۆلەچرای خەباتی بەردەمان و سوودی لێوەرگرین. جێگەی داخە کە ئێستا بیسەری کۆمەلێك دەنگی سکتاتیزم و بەرچاوتەنگانە دەبین کە تەنیا یادکردنەوەی ئیعدامی قازی محەممەد بۆ یەك مەبەست دەکەنەوە و کەسایەتی ئەو مەزنە پیاوە لەقاڵبێکی بچوك دا بەرتەسك دەکەنەوە و یان بە داخەوە تەنیا وەك رەسمێیێکی باو دەرواندرێتە ئەو بۆنەیە و کەمتر گرینگی بە لایەنە پڕبایەخەکانی ئەو یادکردنەوەیە ئەدرێ. ئێمە لەسەر ئەو بروایەین کە قازی محەممەد بە بێ جیاوازی و بە بێ تایبەتی دان بە لایەن و بنەماڵەیێك ئی هەموو کوردانە و جێگەی خۆیەتی هەموو کوردان شانازی بە قازی محەممەد بکەن. دەبێ لەرۆژی بیرەوەری لەداردانی قازی و هاورێیانی بە بێ تەعسوبێکی ووشك و تەسك لایەنە چاك و کەم و کوورییەکانی کۆمار و قازی و حکوومەتەکەی بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە و لەئەنجامیش باشترین پەیام لەو روداوە مێژووییە هەڵینجێندرێ و ببێتە هۆی لێك نزیك بوونەوەی زیاتری خەڵکی کورد.
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٧ ی کۆچی خۆری دا سڵاو و درود دەنێرێ بۆ روحی پاکی شەهید قازی محەممەد و هەروەها حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و ابوالقاسم سەدری قازی هیواداره گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بتوانێ ئاموژگارییە بە نرخەکانی قازی محەممەد بە جێ بگەیێنێ تا هەم هەنگاوێك لە سەرکەوتن نزیك ببێتەوە و هەم روحی مەرحوومی قازی محەممەد و هاورێیانی لەبەهشتی بەرین دا شاد بێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری